ئایا عەلمانیەت بۆ کۆمەڵگەی کوردی پێویستە؟

(هەموو گەڕانەوەیەک بۆ ڕابردوو وەهمە)

کوردیش وەکو گە ل ومیللە تە کا نی دیکە بەرە و پیشکە وتن وئازادی هەنگاویان ناوە و دە رۆن، عەلمانیەتیش کە دەربڕی

ئازادی پیشکە تن و ڕزگاریە و هۆکارێکە بۆ پەرەسەندنی دەوڵەت وکۆمەڵگە، چونکە کۆمەڵە خەڵکێک پێکەوە کۆدەکاتەوە سەرەڕای جیاوازی ڕەگەز و نەتەوەو ئاینیان، هەروەها عەلمانیەت پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤەوە وەک ئازادی بیرو ڕا یەکسانی و گوزارش لە پیادەکردنی ئەم مافانە دەکات، کەواتە پێویستە درک بەوە بکەین کە لە وڵاتی ئێمەدا دیموکراسیەت و ئازادی بیرو ڕا و مافی مرۆڤ لە گەشەکردندان و بەکارهێنانی ئەقڵانیانەی کەلەپور، چاوەڕوانی پیادەکردنن، بۆیە پێویستە هەنگاوی جدی و پێویست بنێین بەرەو عەلمانیەت.

ئەمڕۆ وڵاتە موسلمانەکان کۆمەڵێ دەوڵەتن کە هەر یەکێکیان بە جۆرێکی جیا وتایبەتی پەیوەندی بە یاساکانی ئیسلامەوە هەیە، هەندێکیان قورئانیان کردۆتە تەنها دەستووری دەوڵەت، هەندێکیان ئاینی ئیسلامیان کردۆتە سەرچاوەیەک لە سەرچاوەکانی یاسا، هەندێکیشیان دەڵێن ئیسلام ئاینی دەوڵەتە، زۆربەی ئەم دەوڵەتانەش وازیان لە شەرع هێناوە ویاسا وەزعیەکان پەیڕەو وبەکاردێنن.

ئەمڕۆ داهێنان و دەسکەوتەکانی پەرەسەندنی مرۆڤ و بڵاوبوونەوەی زانست و بەرزبوونەوەی ئاستی هاوڵاتیانی کورد بە گشتی لە هەموو بوارێکەوە و سەرهەڵدانی پەیوەندی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیی و کولتوری لە پاڵ ئایینی، هەموو ئەمانە بونەتە هۆکارێک و ڕێخۆشکەرێک بۆ دەرچوون لە چوارچێوەی ڕابردوو، ڕاستە پیرۆزی شەریعەت وا لە موسڵمانان دەکات جیاوازی لە نێوان بنەما روحییەکانی ئیسلام وشەریعەتەکانی ئیسلامدا نەکەن، بەڵام دەبێ بزانین ئەگەر ئیسلام وەک جەوهەرێکێ ڕووحی نەمربێت، ئەوا لە بواری یاسا و دابوونەریتدا ملکەچی مێژووە.

چەندە دەسەڵاتی کوردی بە چەمکەکانی ئازادی و سەردەمکردن و مافەکانی مرۆڤ ویەکسانی دیموکراسیەت بچێتە ناو سەردەمی تازەوە، ئەوا گەشەکردن و بڵاوبوونەوەو جێگیربوونی عەلمانیەت کە زادەی ئەم چەمکانەیە، ئاسانتر دەبێ.

کۆمەڵگەی کوردی ئەمڕۆ لە جیهانێکی کراوەدا دەژی، فرەیی زیاتر وزیاتر دەبێت بە مەرجێکی پێکەوە ژیانی نێوان مرۆڤەکان و هەر تێڕوانینێک جا ئایینی بێت یان دنیایی، نەتوانێت لەگەڵ جیهانی کراوەدا خۆی ڕابهێنێت و لەگەڵ فرەییدا نەگونجێت، ئەوا جێگەی قبوڵ نییە، بۆیە لە پێناو پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردیدا، پێویستمان بەوە هەیە ئایین بکەینە کارێکی تایبەت و کۆمەڵگا بە زەمەن بکەین، هەروەها بواری گشتی لە دەسەڵاتی ئایین چۆل بکەین، دەکرێت مرۆڤ بەسەر ڕەهەندە روحیەکاندا کرانەوەی هەبێت، هیچ شتێک نییە ڕێگەی ئەم کارەی لێ بگرێت، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵ، پێویستە لەسەر ئاستی بەمێژووبون بژی.

هەندێک پێیانوایە کە عەلمانیەت مانای نەفیکردنی ئایین و لەناوبردنی ڕۆڵی ئایین دەگەیەنێ، لە ڕاستیدا عەلمانیەت بۆ ئەم مانایە بەکارنایەت و نە بێ باوەڕیە و نە هزرێکی ماركسیزمیە، هەروەها هەڵوێستێکی سیاسی یان فەلسەفی نییە لە دژی ئایین و پیاوانی ئایینی، عەلمانیەت ڕاگەیاندنی شەڕ نییە لەگەڵ باوەڕی دینیدا، بەڵکو مەسەلەی چۆنیەتی ڕێکخستن و دارشتنەوەی وشیاری و جیهانە: چۆن لەم جیهانەدا بژین وچۆن پیکەوە ڕێکیخەین و بەڕێوەی ببەین وعەلمانیەت ڕێزی مرۆڤ دەگرێ لەوەی کە چ باوەڕێکی ئایینی هەیە، وەک چۆن ڕێز لە ئازادی باوەڕداران و پیاوانی ئایینی دەگرێ، بەڵام ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئایین بێتە ناو سیاسەت و کاروباری فەرمانڕەوایی دەوڵەتەوە و لە ڕوانگەی عەلمانیەتەوە کایەی ئایینی و کایەی سیاسی دژی یەکتر نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن، بەمەرجێک هەریەکەیان سەرقاڵی بواری خۆی بێت و دەخاڵەت لە کاوربارى ئەوی دیکەدا نەکات.

کرانەوە بەم شێوەیە مانای بوونە لە جیهاندا و پێویستە خۆمانی لە گەڵدا ڕابهێنین، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی ئێستادا بوونی کۆمەڵێک تۆڕی پەیوەنی توند وتۆڵ لە هەموو بوارەکاندا لە نێوان گەل و حکومەت و دەوڵەتاندا، دەبن بە مەرجی گەشەسەندن پەرەسەندنی کۆمەڵگە، بەڵام گۆشەگیری و خواستی خۆدزینەوە لەم پەیوەندیانە، وادەکات گەل و کۆمەڵگە لە پەراوێزدا بمێننەوە و بەرەو لێوارەکانی مێژوو پاشەکشە بکەن، بۆیە پێویستە هاو ژیانێک دروست بکەین کە بواری ئیمان و بوارەکانی دنیایی لە جێگەو پێگەی خۆیدا دابنرێت، بۆئەوەی لە ڕێگەی ئەم کرانەوەیەدا بتوانین بە ئاشتێ بژین و پێشبکەوین و دیالۆگ لەگەڵ بەرانبەر و جۆرەکانی بووندا دروستبکەین.

ئێمە لە جیهانێکدا دەژین کە پڕە لە گۆڕانکاری خێرا، بویە پێویستە ئێمەی کورد تەماشای پێگەی خۆمان بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئێمە لە کوێداین.

ئێمەی کورد ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ خاڵی سفری مێژوو، ئێمە هەموو دەسکەوت و ئامرازەکانی زانستی مرۆڤایەتیمان لەبەردەسدایە، بۆیە پیویستە ئەو باوەڕو و هەزرە سەپێنراوانەی کە لە کەلتووری ئێمەدا هەن و لە ڕابردوو بۆمان ماونەتەوە وەلابنێین، بەم شێوەیە دەگەینە ئەوەی کە کار وکردارمان لە ئایین و کەلەپوور رزگاربکەین، لە هەمان کاتدا لە ناو مێژوودا بمێننەوە و پێویستە کۆمەڵگایەکەمان بە زەمەن بکەین و تا باوەڕ و مەعریفە لە یەکتر جیانەکەینەوە، هیچ مافیک نایەتەدی.

لە جیهانبینی عەلمانیدا مرۆڤ بوونەوەرێکی ئازادە وخۆی بەرپرسیاری هەڵبژارنی و ویست وهەڵوێستەکانی خۆیەتی، ئایین هەموو ژیانی داگیر ناکات، بەڵکو کومەڵێک ڕەگەزی دیکەش بەشدارن لە پێکهێنانی بوون ژیانیدا.

لە دەوڵەتی عەلمانیدا ئەوەی هاوڵاتیان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئایین یان ئایینزا نییە، بەڵکو پەیمانێکی کۆمەڵایەتیە، بەم جۆرە دەوڵەتی عەلمانی شەرعیەتی خۆی لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتیەوە وەردەگرێت، بۆ ئەوەی ژیانی کۆمەڵگە ڕێکبخات وئاشتی لە نێوان ئایین و کلتوورە جیاجیاکاندا دەستەبەربکات، لەبەر ئەوەی لە کوردستاندا جگە لە موسلمانان کە زۆرینەی دانیشتوانی هەرێم پێکدینن، کوردی ئێزدی و کریستیانی و کەمینە نەتەوەی دیکەش دەژین، بۆیە پەیڕەوکردنی بنەماکانی عەلمانیەت بۆ هەریمی کوردستان زۆر پێویستە، هەروەها مادام ئیسلام کەنیسەی تێدا نییە کەوابوو بە ئاسانتر دەتوانین دین لە دەوڵەت جیابکەینەوە وعەلمانیەت پیادەبکەین، بۆئەوەی کلتوور وئاین وگروپە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئیمە بتوانن

بە بێ کێشە پێکەوە بژین، هەروەها دروستکردنی دیالۆگی ئایینی لە نێوان ئایینەکانی هەرێم کارێکی پێویستە، بۆ ئەوەی گیانی لێبووردەیی لە نێوانیاندا گەشەبکات و لەگەڵ سەردەمی نوێدا خۆیان بگونجێنن، لەلایەکی دیکەوە لە ڕێگەی پەیرەوکردنی عەلمانیەت دەتوانین بە هەموو ئەو ڕووبەرە گەشانە ئاشنابین کە لە کەلتووری ئیسامیدا هەن، هەروەها ڕێگایەکیشە بۆ نەهێشتن وریشەکێشکردنی تیرۆر وتوندوتیژی ئایینی و دەرفەتی ژیان لەبەردەم هەموواندا دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی ئایین ولایەنەکان پێکەوە بە ئاشتی و ئازادی بژین و بە بێ ترس گوزارشت لە ڕاو بۆچوونی خۆیان بکەن.

عەلمانیەت وەک سیستەمێکی هەمە لایەن و پڕۆژەیەکی سیاسی زیاتر لە ڕەهەندێکی هەیە لە ژیانی مرۆڤی نوێدا، کە ڕەهەندەکان پەیوەستن بە زانست و مەعریفە ودەزگاکانی دەوڵەت و ئەخلاق وبەها باوەکانی ناو کۆمەڵگە، کۆمەڵگەی کوردیش وەکو زۆربەی کۆمەڵگەکانی دیکەی دنیا، چەندین گۆڕانکاری لە بواری سیاسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی وپەروەردە ورۆشنبیری و فیکری بەسەردا هاتووە، ئەمانەش هاتنەدی عەلمانیەتی ئاسانکردووە و ڕێخۆشکەرن بۆ پیادەکردنی ئەم سیستەمە لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

لە دوای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردی و هەرێمی کوردستان لە ئاستی "بونیادی کۆمەڵایەتیدا" و هەم لە ئاستی "بونیادی کولتووریدا' چەندان گۆڕانکاری عەلمانیانەی بەسەردا هاتووە، لە ئاستی یەکەمیاندا دەیان کایەی نوێ بە دەزگا و دامەزراوی نوێوە دروستبوون، لە پەروەردەو فێرکردنەوە بۆ ئابووری و سوپا و تەندروستی و میدیا و هتد...لە ئاستی دووەمیشیاندا گۆڕانی بەرچاو هەم لە فەزای گشتی کولتووردا پەیدا بووە وهەم لە دید و خەیاڵ و بۆچوونەکانی تاکەکەسدا، ئەم گۆڕانکاریانەش ڕەوشێکی لەبار وباشی دروستکردوە بۆ هێنانەدی ئەم سیستەمە.

بنەماکانی عەلمانیەت بریتین لە: جیاکردنەوەی دەزگا و دەسەڵاتەکان لە یەکتری، جیاکردنەوەی خوێندنی ئایینی و خوێندنی مەدەنی لە یەکتر، سەروەری نیشتمان ویاسا و دیموکراسیەت، جیاکردنەوەی دادوەری شەرعی و دادوەری مەدەنی لەیەکتر، هەرچەندە ئەم بنەما وچەمکانە لە کۆمەڵگە ودامووەدزگاکانی هەرێمدا گەشەیانکردوە و پەرەیانسەندوە، کەچی گروپ و خەڵکانیک هەن نکۆڵێ لە عەلمانیەت دەکەن و ڕەتیدەکەنەوە، ئەمەش وادەکات کۆمەڵگەی ئێمە لە ناو چوارچێوەی ئیزدیواجیەت ودووفاقیدا بژیت.

ئامادەگی بەرفراوانی بنەماکانی عەلمانیەت لە هەرێمی کوردستاندا بەرچاودەکەویت و عەلمانیەت بەشێکی ئۆرگانی کۆمەڵگەی کوردیە و لە فۆرمی دەیان دەزگا و کایە وبۆچوونی کۆمەڵایەتی و فیکری وکولتووریدا ئامادەیە، دەزگای خوێندنی نوێ، سیستەمی نوێی خێزان، سیستەمی دادگا وچەندان ڕەهەندی نوێی دیکە هێمای ئەوەن کە عەلمانیەت لە شیوەو فۆرمی جیاوازدا ئامادەیە.

لێرەدا ئەوەی جێگای سەرنج وتێرامانە، ڕەوتی عەلمانیەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە ناو بوارە جیاجیاکانی ژیانی ئێمەدا گەشەی کردوە، ڕەنگە هۆکاری ئەم گەشەسەندنەش بگەڕێتەوە بۆ ئاسوودەیی وخۆشگوزەرانی خەڵک و کۆمەڵگە لە سایەی گۆڕانکاریەکان ژیانی نوێ و لە سایەی دەولەتی یاسادا بنەماکانی عەلمانیەت بوونەتە بەشێک لە پێداویستیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، واتە چەمک و بنەماکانی عەلمانیەت(دیموکراسیەت، سەروەری یاسا، مافی مرۆڤ، فرەحزبی، ڕۆژنامەی ئازاد، ئازادی بیرورا) ڕەگی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا داکوتاوە وپەرەیانسەندوە، بۆیە ناکریت ئەم هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانە وەلابنێین وبۆ دواوەپاشەکشە بکەین، بویە پێویستە درک بەوە بکەین کە عەلمانیەت بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، هەروەها جیهانگەرایش وایکردوە کە چەمک و بنەماکانی عەلمانیەت لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر بچەسپێت و فراوانبێت.

کۆمەڵگەی کوردی، لە هەلومەرجی مێژوویی وسیاسی وکۆمەڵایەتی کولتووری ئەمڕۆدا زیاد لە هەموو کات وزیاد لە زۆربەی کۆمەلگاکانی جیهان پێویستی بە پیادەکردنی عەلمانیەتە.

کەواتە عەلمانیەت سیستەم و فەلسەفە و ڕێبازی ژیانی نوێیە، کە ئایین تیایدا سەرچاوەکە لە سەرچاوە جیاجیاکانی ژیان، هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین، کە مرۆڤ پێشنەدەکەوت و شارستانیەت هەرگیزگەشەی نەدەکرد، ئەگەر مرۆڤەکان ملکەچی بیرورا کۆنەکان و پیاوە ئایینیەکان بوانە.

بۆیە بمانەویت و نەمانەویت، جگە لە عەلمانیەت ڕێباز و ڕێگایەکی دیکە لە پیش ئێمەی کورددا نییە، تا بەکاروانی شارستانیەتدا ڕابگەین و ئاگەر وانەکەین ئەوا دەبێ لە دەرەوەی زەمەن و مێژوودا بژین.

محەمەد سلێمان عەباس

سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- تجدید الفکرالدینی- احمد البغدادی- بیروت- 2008 ل53،57
- مجله النهج- ژمارە (65)- ساڵی 2002

گۆڤاری دیدگا- ژمارە (1) – ل 154، 160،170

گورجستان فەرامۆش دەکرێ، دەبێ کورد هەڵوەستەی لەسەر بکات

گورجستان ئەو وڵاتە بچووکەیە کە گەورەترین کێشەی لەگەڵ وڵاتێکی زلهێزی وەک روسیادا هەیە، جاران بە پشتی ئەمریکا ململانێی لەگەڵدا دەکردو کێشەکانی قوڵتر دەکردەوە، بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر شەڕی نێوان گورجستان و روسیا، ئێستا هەست دەکات کە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا پشتیان تێکردوەو بە فەرامۆشی دەسپێرن، بۆیە بە ناچاریەوە بیر لە وڵاتانی هەرێمەکە دەکاتەوەو دەست و داوێنیان دەگرێ، دەیەوێ بەو هۆیەوە خۆی لە هەڕەشەو نیگەرانیەکانی روسیا بپارێزێ.

لە ماوەی ڕابردوودا پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تورکیاو ئێران باشتر کردوە. هەرچەندە ئێران و ڕووسیا پەیوەندییێکی باشیان هەیە، بەڵام لە بەختی گورجستاندا ئێستا نێوانی کۆماری ئیسلامی ئێران و کاربەدەستانی تورکیا گرژی و ناکۆکیەکانی نێوان گورجستان و روسیا بقۆزێتەوەو ڕاستەخۆ پشتیوانی لە گورجستاندا بکات و سەرمایە گوزاری تێدا بکات، تەنانەت ئێستا گورجستان وەک بازارێکی تورکی و ئێرانی دێتەبەرچاو. سەرمایەداران و حکومەتەکانی ئەنکاراو تاران وێڕای مۆنۆپۆلکردنی کارگەو کارخانەکان، ئێستا بالاخانەو زەوی و یەکەی نیشتەجێبوونیشیان لەو وڵاتەدا قۆرخ کردوە. سەردانی ئەو دواییەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان و دیبلۆماسیە پلە بەرزەکانی ئێران بۆ گورجستان وەک وەڵامێک پێوانە دەکرێن. وەک گێڕانەوە و مسۆگەرکردنەوەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی هەردوو وڵاتە گەورەکەی ناوچەکەدا دەخەملێندرێ.

ڕستیەکەی جاران وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتیش جۆرج دەبلیو بووش شانازی بە دیموکراتیزکردنی گورجستان دەکردو وەک نموونەی دیموکراتی ناوچەکەی دادەناو کە لە پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەت سەری دەرهێناوە، بەوهۆیەشەوە زۆر شێلگیرانە پشتیوانی لێدەکرد، کەچی ئێستا چاودێران و سیاسەتکارانی ئەمریکا هەست بەو فەرامۆشیە دەکەن کە لەسەردەمی باراک ئۆباما لەبەرانبەر گورجستاندا ڕێی گرتووە، چونکە ئۆباما پێوەندیەکانی روسیا بە گرنگ و پێویست تر دادەنێ، لەو پێناوەشدا هەنگاوی ئاشکرا هەڵدەگرێتەوە. ئەوەش بە زیانی گورجستان تەواو دەبێ.

ئەگەر لە ئابی 2008و لە کاتی شەڕی نێوان سوپای روسیاو گورجستاندا پەیوەندیەکانی نێوان روسیاو ئەمریکا بۆ سەردەمی شەڕی سارد گەڕابۆوە، دەکرێ بڵێین ئێستا ئەو قۆناغە کۆتا بووە. لەو بارەیەوە، ئاندرۆ بارنۆف سەرۆکی پەیمانگەی ستراتیژی و گەشەپێدانی ئەمریکا گوتویەتی: 'بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکاو ئەورووپا پشتیان لە گورجستان کردوە، ئەو وڵاتە ناچار بووە کە بەدوای هەر دوو هێزی گەشەکردوی ناوچەکەدا کە ئێران و تورکیایە ڕابکات، ئەگەر گورجستان وا نەکات لەوانەیە جارێکی دیکە روسیا لە دژیدا ڕابوەستێتەوەو دەستەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێتەوە'

لەلایەکی دیکەشەوە جۆن مەکین پاڵێوراوی کۆماریەکان بۆ پۆستی سەرکۆمار کە لەبەرانبەر ئۆباما شکستی هێنابوو، بەردەوام داوا دەکات کە ئەمریکا پشت لە گورجستان نەکات و هاوکاری بکات. لە ماوەی ڕابردودا زۆر بەتووندی ڕەخنەی لە ئۆباما گرت کە بۆچی بایەخ بە گورجستان نادات و هاوکاری ناکات.

جۆن مەکین لە کۆنگرەیەکدا لە مەڵبەندی نیکسۆندا ڕایگەیاند: 'گورجەکان هەست بەوە دەکەن کە واشنتن لەبەر پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ روسیادا، ئەوان دەفرۆشێ'

ئێستا ئەمریکا بە ئاشکرا پشتی لە گورجستانی هاوپەیمانی دوێنێی خۆی کردوە، دەبێ ئێمەی کوردیش بە پارێزەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەمریکادا بکەین، چونکە هەم کورد بۆ خۆی ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ ئەمریکادا هەیە، هەمیش ئەو پشت تێکردنەی ئێستای ئەمریکا لە گورجستان خۆی لە خۆیدا پێشاندانەوەی سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی واشنتنە و دەبێ سەرکردەو هێزە کوردستانیەکان لێکدانەوەی وردی بۆ بکەن و بە دروستی هەڵیبسەنگێنن. ئێستا ئەگەر کوردستانیان هەڵوێستە لەسەر ئەو سیاسەتەی ئەمریکا نەکەن و بە دروستی هاوکێشەکە نەخوێنێتەوە، لەوانەیە لە دواڕۆژدا پەشیمانی دادی نەدات.

سەربەست کانەبی